KCCRC

Political Studies PS

# سیاسەتی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

## سیاسەتێکی بەسەرچوو و پڕمەترسییە



زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ٢٧٠

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Political Studies

# سیاسەتی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سیاسەتێکی بەسەرچوو و پڕمەترسییە


کرس مۆرفی

وەرگێڕان: ناوەندی کوردستان



زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ٢٧٠

Kurdistan conflict and Crisis Research Center


مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©



www.kurdistanc.com

kurdistan.kccrc@gmail.com

facebook.com/kurdistanccrc

053 - 318 2929

عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار

@KCCRC1



٢٠٢١

# سیاسەتی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سیاسەتێکی بەسەرچوو و پڕمەترسییە

کرس مۆرفی

جیمی کارتەر سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان ساڵی ١٩٨٠ وتارێکی پێشکەش کرد و تیایدا مەترسی لەدەستدانی نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بە کارەسات بۆ وڵاتەکەی وەسفکرد. ئەو وتی «هەر هەوڵێک لە لایەن هەر هێزێکی دەرەکییەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەی کەنداوی فارس وەک هێرشکردنە سەر بەرژەوەندییە گرنگەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لێکدەدرێتەوە» و «دەستدرێژییەکی لەو جۆرە وەڵامی پێویستی دەبێت، لە ناویاندا بەکارهێنانی هێزی سەربازی.» ئەو بەڵێنە وەک بنەمای کارتەر ناسراوە و وەک تایبەتمەندییەکی جیاکەرەوە و سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ماوەتەوە و کاری پێدەکرێت لەو کاتەوە.

لە کاتی بەیانەکەی کارتەر، ویلایەتە یەکگرتووەکان بەشێوەیەکی زۆر پشتی بە هاوردەکردنی نەوت بۆ بەهێزکردنی ئابوورییەکەی دەبەست و لەسەدا ٢٩ی ئەو نەوتە لە کەنداوی فارسەوە دەهات بۆ ئەمەریکا. تەنانەت دوای دوو دەیە شتێکی ئەوتۆ نەگۆڕا: ساڵی ٢٠٠١ ویلایەتە یەکگرتووەکان هێشتا لە سەدا ٢٩ی نەوتی کەنداوی هاوردە دەکرد. بەڵام ئێستا چی تر ساڵانی ١٩٨٠کان و ٢٠٠١ نییە. لە ئێستادا ویلایەتە یەکگرتووەکان بە هەمان قەبارەی نەوتی هاوردە کراو نەوت لە ناوخۆ بەرهەم دەهێنێت و تەنها لە سەدا ١٣ی لە وڵاتانی کەنداوەوە هاوردە دەکات. لە ئێستادا ویلایەتە یەکگرتووەکان هاوردەی نەوتی لە مەکسیکەوە زیاترە وەک لە سعودیەی عەرەبی.

لەگەڵ ئەوەی بنەما عەقڵانییەکان لە پشت ئەوەی کە پێیدەوترێت بنەمای کارتەر بەسەرچووە و کۆن بووە، بەڵام هێشتا ئەم بنەمایە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کەنداو دەنەخشێنێت - ڕەمزێکە بۆ شکستێکی فراوانتری سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە یەکناگرێتەوە لەگەڵ گۆڕانە فراوانەکان لە بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ١٩٨٠کانەوە لە ناوچەکە ڕوویانداوە. پێویستە سەرۆک جۆ بایدن درک بەو ڕاستییە نوێیانە بکات و دووبارە پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کەنداو ڕێکبخاتەوە، بەشێوەیەک کە بەهاکانی ئەمەریکا پەرەپێبدات و واشنتۆن بەدوور بکرێت لە خستنە تەڵەی دەرەکی ناپێویستەوە و ئەولەویەتی سەرەکی سەقامگیری و ئاشتی هەرێمی بێت.

هۆکارێکی زۆر هەیە بۆ پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ئەندامی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو - کە بریتین لە بەحرەین و کوەیت و عومان و قەتەر و سعودیەی عەرەبی و ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو. بڕیارەکانی بەحرەین و ئیمارات بۆ دامەزراندنی پەیوەندی فەرمی لەگەڵ ئیسرائیل نیشانەیەکی ڕوونە بۆ ئەو هەژموونەی کە ئەم وڵاتانە دەتوانن مومارەسەی بکەن. کوەیت و عومان دەورێکی بەهێز لە نێوەندگیری پێکدادانە هەرێمییەکان دەگێڕن. هاوبەشی لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر لە زۆر ڕووەوە کەموکوڕی هەیە، بەڵام هێشتا

گرنگە لەو كاتەی ئەم حكومەتانەی زۆرجار زانیاریان هەیە لە سەر تۆڕی گرووپە توندڕەوەكان كە ویلایەتە یەكگرتووەكان ناتوانێت بەتەنها دەستیبكەوێت. ویلایەتە یەكگرتووەكان پەیوەندییە میللیەكانی لە ناوچەكە پەرەپێدەدا و لە ئێستادا دەیان هەزار خوێندكاری كەنداو لە زانكۆ و كۆلێجەكانی ویلایەتە یەكگرتووەكان دەخوێنن. بەم پێیە پێویستە ویلایەتە یەكگرتووەكان بە ڕوونی ئەوە بە هاوپەیمانەكانی كەنداوی بگەیەنێت كە ئامانجەكەی كشانەوە نییە

> هاوبەشی لە نێوان ویلایەتە یەكگرتووەكان و ئەنجومەنی هاریكاری كەنداو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر لە زۆر ڕووەوە كەموكوڕی هەیە

لە ناوچەكە، بەڵكو لە جیاتی ئەوە دروستكردنی پەیوەندییەكی بەهێز و جێگیرە لە نێوان ویلایەتە یەكگرتووەكان و ئەنجومەنی هاریكاری كەنداو. بەڵام ئێستا كاتی ئەوەیە دان بە كەموكوڕییە زۆرەكانی سیاسەتی ئێستای ئەمەریكا بەرامبەر بە كەنداو بنرێت، ئەنجومەنی هاریكاری كەنداو دوو ئەولەویەتی سەرەكی هەیە لە پەیوەندی لەگەڵ ئەمەریكا، كە خۆیان دەبیننەوە لە بەردەوامی هاوكارییە سەربازییەكانی ئەمەریكا بۆ شەڕكردن لە جەنگی بریكاری هەرێمی و بێدەنگی ویلایەتە یەكگرتووەكان لە سەر سەركوتكردنە سیاسییە ناوخۆییەكان لەو وڵاتانە - كە لە ماوەیەكی دوورمەودادا وڵاتانی كەنداو خۆیان لەناودەبات. پێویستە ئامانجی ویلایەتە یەكگرتووەكان شوێنگرتنەوەی ئەم بنەما ئێكشكاوانە بێت بە سیستمێكی نوێ كە پشتگیری لە حكومەتێكی بەرپرسیار و ئابوورییەكی نیشتمانی هەمەجۆر و سەقامگیر بكات - ئەم جۆرە لە ئایندە ئەوەیە كە سەركردەكانی وەك محەمەد بن سەلمان شازادەی جێنشینی سعودیە بانگەشەی بۆ دەكات و دەڵێت، كەنداو دەیەوێت پێیبگات. بنیاتنانی پەیوەندییەكانی ویلایەتە یەكگرتووەكان و كەنداو لە سەر بنەمای پەیوەندی ئابووری و دیپلۆماسی، بەڕێوەبردنی دامەزراوەیی، نەك تەنها پەیوەندی ئەمنی دەبێتە هۆی بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییەكانی ویلایەتە یەكگرتووەكان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

### خۆلادان لە جەنگە لەبرییەكان

لەیەكەم هەنگاودا ویلایەتە یەكگرتووەكان دەبێت خۆی بەدووربگرێت لە جەنگی لەبری ئەنجومەنی هاریكاری كەنداو لەگەڵ ئێران. حكومەتی ئێران دووژمنی ویلایەتە یەكگرتووەكانە، بەڵام زنجیرە پێكدادانە سارد و گەرمەكان لە ناوچەكە - لەوانە لە عێراق و لوبنان و سوریا و یەمەن بەشێوەیەكی سادە خزمەتی بە بەهێزبوونی هەژموونی ئێرانیی لە ناوچەكە كردووە و ئاستێك لە كارەساتی مرۆیی و چەوسانەوەی مرۆڤایەتی دروستكردووە. كشانەوەی ویلایەتە یەكگرتووەكان لە دەستێوەردان لە شوێنەكانی وەك سوریا و یەمەن بە دڵنیاییەوە دەبێتە هۆی نیگەرانی ڕاستەوخۆ لە كەنداو. لەگەڵ ئەوەشدا لە ئێستادا باجی ئەو بۆچوونە هەڵەیەی كە پێی وایە ویلایەتە یەكگرتووەكان دەتوانێت بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ ئاڕاستەی دەرەنجامەكانی جەنگ لە سوریا و یەمەن بكات زۆر ڕوون و ئاشكرایە. لە هەردوو ناوچەكە، دەستێوەردانی سەربازی نیوەناچڵی ویلایەتە یەكگرتووەكان هەرگیز ئەوەندە نەبووە كە ببێتە هۆی دروستكردنی

هاوسەنگی، بەڵکو لەجیاتی ئەوە بووەتە هۆی درێژەکێشانی ململانێکان. زیاد لە ڕادەبەر متمانە بەخۆبوونی واشنتۆن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسییەکان لە ڕێگەی دەستێوەردانی سەربازییەوە وایکردووە ئەو وڵاتە بناڵێنێت بە دەست تواناکانییەوە. لە جیاتی ئەوە تازەترین کاریگەری سەرکێشییەکانی ئەم دواییەی ویلایەتە یەکگرتووەکان هۆکار بووە بۆ جۆشدانی جەنگێکی درێژخایەن کە بووەتە هۆی هاندانی گرووپە توندڕەوەکان و بوونە هۆی گەشەکردنی هەستی دژە-ئەمریکی.

لەگەڵ ئەوەی پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکان هاوبەشییە ئەمنییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداو بپارێزێت، بەڵام بە ئامادەبوونێکی سەربازی کەمترەوە. لە پێش جەنگی کەنداو، ویلایەتە یەکگرتووەکان توانی بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکە بپارێزێت بەبێ بوونی بنکەی سەربازی لە بەحرەین و کوەیت و قەتەر و سعودییەی عەرەبی و بە بێ بوونی ملیاران دۆلار لە فرۆشی ساڵانەی چەک بە هەمان ئەو دەوڵەتانە.

دامەزراوەی سیاسەتی دەرەوە لە واشنتۆن وای پیشاندەدەن کە ئامادەبوونی هێزی زەبەلاحی سەربازیی ئەمەریکا لە ئێستادا پێویستییەکە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان. بنکە سەربازییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان باجێکی قورسی هەیە، بەوەش تەرکیزی ئەمەریکا لەسەر ناوچە گرنگەکانی وەک ئاسیا و ئەفریقا لادەچێت، ئەو بنکە سەربازیانە فشار دەخەنە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ فەرامۆشکردنی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ترسی ئەوەی کە ڕەخنەگرتن ببێتە هۆی ئەوەی سەربازەکانی ئەمەریکا لەوێ بخرێنە ژێر مەترسییەوە، لە لایەکی ترەوە بنکە سەربازییەکان بوونەتە ئامانجی سەربازی و ئامرازی پڕوپاگەندە بۆ ئێران و ئەلقاعیدە و داعش. هەروەک لوید ئوستن وەزیری بەرگری ویلایەتە یەکگرتووەکان پێداچوونەوەی جیهانی بە پێگەی سەربازی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکات، لەو نێوەندەدا پێویستە ئیدارەکەی بایدن کەمکردنەوەی بنکە سەربازییەکانی لە ناوچەکە لەبەرچاو بگرێت. پێداچوونەوە بە ئێچوون و سوودەکانی کەشتیگەلی پێنجەم لە بەحرەین ڕەنگە سەرەتایەکی باش بێت، هەروەک بوونی گەورەی سەربازیانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان زیاتر کێشەی هەیە وەک لە سوود.

لە کۆتاییدا لەگەڵ ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان پێویستە بەردەوام بێت لە فرۆشتنی کەلوپەلی سەربازی بە هاوبەشەکانی لە ناوچەکە، بەڵام پێویستە واشنتۆن دڵنیابێتەوە کە ئەو کەلوپەلە

> **کشانەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە دەستێوەردان لە شوێنەکانی وەك سوریا و یەمەن بە دڵنیاییەوە دەبێتە هۆی نیگەرانی ڕاستەوخۆ لە کەنداو**

سەربازیانە بەڕاستی بۆ بەرگریکردنە. لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆری چەکی ئەمەریکی بەشێوەیەکی نابەرپرسانە و لە پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان بەکاردەهێنرێت. لە نێو ئەوانی تر فرۆشتنی فرۆکەی بێ فرۆکەوانە بە ئیمارات کە دەبێتە هۆی جۆشدانی پێشبڕکێی چەک کە بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکە دەخاتە مەترسییەوە. لەگەڵ ئەوەی ئەمە دەبێتە هۆی زیادبوونی توانای هێرشکردن، بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبێت بەردەوام بێت لە پێدانی چەکی پێشکەوتوو لە

بواری بەرگریدا، وەک سەکۆی دژە مووشەکی کە زیاتر بۆ هەڕەشەکانی سەر دەوڵەتانی کەنداو گونجاوە.

ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەم هەنگاوانە بنێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە سعودیەی عەرەبی و ئیمارات گازندەی ئەوە دەکەن کە ویلایەتە یەکگرتووەکان پشتی لەوان کردووە و ئێرانی بەهێز کردووە. ئیدارەکەی بایدن دەبێت قەناعەت بە ئەوان بکات کە جێگرەوەی تر هەیە بۆ ململانێی سەربازی نەبڕاوەیان لەگەڵ تاران. دیالۆگی ئەمنی هەرێمی کە هەموو لایەنەکان لەخۆبگرێت دەکرێت جێگەی پێشبڕکێی چەک و جەنگی بریکاری بگرێتەوە. ڕەنگە ئەمە وەک خەونێکی خەیاڵی وابێت، بەڵام پێچەوانەکەی دەکرێت بەدی بێت.

### تاقیکردنەوەی هێورکردنەوە

ئیدارەکەی بایدن لە باشترین پێگەدایە بۆ تاقیکردنەوەی ئامادەیی ناوچەکە بۆ ئەمجۆرە لە هێورکردنەوە لە یەمەن. ویلایەتە یەکگرتووەکان تاکە دەوڵەتە کە دەتوانێت ئەم پرسە بەرێتە پێشەوە. ئەگەر واشنتۆن بتوانێت ڕێگایەک بۆ ئاشتی لە یەمەن بدۆزێتەوە، کە حکومەتێکی گشتگیری بنکە فراوان بە هاوبەشی لەگەڵ سەرکردەکانی حوسی پێکبهێنرێت بۆ بنیاتنانەوەی دەوڵەتەکە بە یارمەتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، دەکرێت بەڵگە بێت بۆ دیالۆگێکی فراوانتر لە ناوچەکە.

دەبێت هێورکردنەوەی ناوچەکە بەشێوەیەکی فراوان سەرنجراکێش بێت بۆ هاوبەشەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کەنداو. کەمبوونەوەی داهاتی نەوت واتای ئەوەیە کە ئەم دەوڵەتانە بەمزوانە دەبێت بڕیاری قورس لە نێوان بژاردەی ڕیفۆرمی ئابووری و جەنگ کردن لە نێو وڵاتانی بیانی بدەن. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ململانێ بەردەوامانە و کۆنترۆڵی دەوڵەت بەسەر ئابووری ناوخۆدا، ڕاکێشانی وەبەرهێنەری دەرەکی مەبەستدار بۆ ناوچەکە شتێکە نزیکە لە خەیاڵەوە. بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان، یەکێک لە سوودەکانی هێورکردنەوەی بارودۆخەکە لە نێوان کەنداو و ئێران بریتییە لە کەمبوونەوەی بەرژەوەندییەکانی کەنداو لە بڵاوکردنەوەی ئیسلامی وەهابی لە سەرانسەری جیهانی ئیسلامی.

هەروەها پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکان مامەڵەیەکی توندتر لەگەڵ وڵاتانی کەنداو لە بارەی مافەکانی مرۆڤەوە بکات. لەسەرووبەندی هێرشی دۆناڵد ترەمپ بۆ سەر دیموکراسیەتی ئەمەریکا، ئەوە زۆر گرنگ دەبێت بۆ بایدن گفتوگۆکانی گرێبداتەوە بە سەروەری یاسا و مافە مەدەنییەکان بە بوونی کردار لەگەڵی لە ناوخۆی وڵات و دەرەوە. ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەرکێکی قوورسی لە پێشە بۆ بنیاتنانی براندە جیهانییەکەی، بەڵام کۆتاییهێنان بە ئاڕاستەی نەبیستن و نەبینینی خراپە لە لایەن واشنتۆنەوە یارمەتیدەر دەبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا گفتوگۆی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەگەڵ وڵاتانی کەنداو سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ پێویستە واقیعیانە بێت. ئەم وڵاتانە لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا نابن بە دەوڵەتانی دیموکراسی مۆدێرن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بە ڕاستی وڵاتانی کەنداو دەیانەوێت وەبەرهێنانی بیانی ڕابکێشن، ئەوا ئەوان دەبێت سەرکوتکردنی دڕندانەی جوداخوازی سیاسی و نەبوونی سەروەری یاسا چارەسەر بکەن. هێنانی وەبەرهێنەری بیانی حەقیقی پێناچێت سەرکەوتوو بێت تا ئەو کاتەی ئەم دەوڵەتانە ئەشکەنجەی زیندانی سیاسی بدەن و مافی ئافرەتان پێشێل بکەن و بە بەردەوامی جوداخوازەکان لە دەرەوە بێزار بکەن.

لە ڕاستیدا، پێویستە سەرکردەکانی کەنداو فراوان بوونی مافە سیاسییەکان وەک پرسێکی وجودی تەماشا بکەن. پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکان یارمەتی ئەم ڕژێمانە بدات لە تێگەیشتن لەوەی کە مامەڵەی درێژخایەنی کۆمەڵایەتی «نەبوونی باج و نەبوونی نوێنەرایەتی» ناتوانن بەردەوام بن هەتا هەتایە. لەو کاتەی گەشەی دانیشتوان زیاتر دەبێت لە داهاتی نەوت، بەمزوانە خێزانە شاهانەییەکانی کەنداو چی

تر ناتوانن ئەو داواکاریانە جێبەجێ بکەن کە هاوڵاتیان هەیانە. کاتێک دابینکردنی بژێوی خەڵک ئەستەم دەبێت، بەڵام سەرکوتکردنەکان بەردەوام دەبن، گەردەلولی شۆڕش دەخولقێت. بە خۆشحاڵییەوە مودێلی سنورداری ڕیفۆرم لە کەنداو بوونی هەیە، کە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی ئەوانی تر چاوی لێبکەن. بۆ نمونە کوەیتییەکان پەرلەمان هەڵدەبژێرن کە هەندێک سەربەخۆیی هەیە لە پاشایەتی. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم مۆدێلە زۆر دوورە لە دیموکراسی نوێنەرایەتی.

## بانگەشە نەکردن بۆ جەنگی سارد

لە جێبەجێکردنی ئەم ئاڕاستە نوێیە، هەندێک پێیان وایە کە ئەگەر بایدن مامەڵەی زۆر توند بێت لەگەڵ وڵاتانی کەنداو، ئەوا سەرکردەکانی ئەو وڵاتانە پشت لە ئەمەریکا دەکەن و بەرەو چین، یان ڕووسیا هەنگاو دەنێن. ئەمە جەنگی سارد نییە: ڕووسیا شتێکی زۆری نییە پێشکەشی ناوچەکەی بکات، هەروەک بەکارهێنان و نرخی نەوتی جیهانی بەردەوامە لە دابەزین، مۆسکۆ بە شێوەیەکی حەتمی دەکەوێتە کێبڕکێوە لەگەڵ کەنداو بۆ دۆزینەوەی کڕیاری نەوت. لەگەڵ ئەوەی چین بەردەوامە لە گەڕان بە دوای دەرفەتی ئابووری لە ناوچەکە، بەڵام خواستی ئەوەی نییە لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕۆڵی ڕاستەقینە لە دابینکردنی ئەمنیەت بگێڕێت. هێزی دەریایی چین نایەن یارمەتی وڵاتانی کەنداو بدەن کە لە ژێر مەترسیدان. ئەگەر بەحرەین و ئیمارات و سعودیە هەڕەشەی هەڵگەڕانەوە لە ئەمەریکا بکەن، واشنتۆن دەتوانێت بەرگەی بگرێت.

بەشێوەیەکی گشتی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەشێوەیەکی مەترسیدار بەسەرچوو و کۆنە. سیاسەتی ئەمەریکا زیاتر نەگونجاوە لە کەنداو، لەگەڵ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان گۆڕاوە، بەڵام سیاسەتەکانی هیچ گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە. بایدن دەرفەتێکی هەیە بۆ دووبارە داڕشتنەوەی هاوبەشێتی لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداو. ئەوە قورس و بەئازار دەبێت و ناڕەزایی زۆر دەخولقێنێت. بەڵام دەرەنجامی سیستمە نوێیەکە سوودی دوولایەنەی دەبێت، بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەباتە پێشەوە و دەوڵەتانی کەنداویش نزیکدەکاتەوە لەو داهاتووەی خوازیارین. هەروەک ئەوان دەڵێن، هەوڵدانە بەرهەمدارەکان هەرگیز ئاسان نین.

**سەرچاوە: فۆرن ئەفێیەرس**

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ناوەندێکی قازانج نەویستی سەربەخۆیە، کاردەکات بۆ ئەنجامدان و پشتگیریکردن و هاندانی توێژینەوەو پێشکەشکردنی بە ڕای گشتی، هەروەها وەرگێڕانی کتێب و نوێترین توێژینەوە جیهانییەکان بۆ سەر زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی لیتریچەی کوردی لەبوارەکانی سیاسەت و دیراساتی ئایندە، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان، ئاگادارکردنەوەی دەستەبژێری سیاسیی کورد لەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان و ناوچەکە دەبنەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS